# نۆهەمین کۆنفرانسی یەکیەتی جیهانی ڕادیۆکانی کۆمەڵگا AMARC9
# بە دروشمی دەنگی جیهان ئازادکردنی شەپۆلەکان

بە بەشداری 500 ئەندام کە لە 110 ولاّتی جیهان لە هەر پێنج کیشوەرەکەی دونیاوە ، لە عەممانی پایتەختی ئوردون بەرواری 11نۆڤەمبەر ئەم کۆنفرانسە دەستی پێکرد وە تاکو 16 نۆڤەمبەر 2006 بەردەوام ئەبێت .

بەشداربوانی ئەم کۆنفرانسە بەشێوەیەکی گشتی نوێنەرایەتی ئەو ڕادیۆ سەربەخۆیانەی کۆمەلّگا ئەکەن کە ئامانجیان خزمەتکردنی هاولاّتیانی ناوچەکانی خۆیانە بەبێ بیرکردنەوە لە سوودی مادی و ئیمتیازات وە بەشێکی زۆری ئەم ڕادیۆیانە لەلایەن کەسانی خۆبەخشی ئەو کۆمەلّگانەوە بەڕێوە ئەبرێت ، هەروەها ئەندامانی ئەو دەزگا و ڕێکخراوە جیهانیانەی کە هاوکاری ئەو ڕادیۆیانە ئەکەن ئامادەی ئەم کۆنفرانسە بوون .

یەکیەتی جیهانی ڕادیۆکانی کۆمەلّگا **World Association of Community Radio Broadcasters** کورتکراوەکەی **(AMARC)**ە وە خوێنەری ئەم بابەتە بۆ زانیاری زیاتر ئەتوانیّ سەردانی سایتی www.amarc.org بکەن .




ئەم یەکیەتیە لەساڵی 1983 لە شاری مۆنتریاڵی کەنەدا دامەزراوە و تا ئێستا نۆ کۆنفرانسی جیهانی بەستوە ، هەر کیشوەرێکی دونیا بەشێکی سەرەکی ئەم یەکیەتیە لە خۆ ئەگرێت و تۆڕێکی ڕێکخستنی زۆر پتەو لە نێوان ئەندامەکان و بیرۆی سەرەکی ئەم ڕێکخراوەدا یە و هەر چوار ساڵ جارێك لە کۆنفرانسێکی جیهانیدا بە دەنگ دان بڕیاری لەسەر ئەدرێت .

لەم کۆنفرانسەی عەمماندا هەر ڕۆژەی بابەتێك کرا بە تەوەرەی سەرەکی گفتو گۆ و لەو تەوەرەیەوە چەندین دانیشتن و بابەت و وۆرك شۆپ ڕێك ئەخرا و لە سەعات نۆی سەرلەبەیانی تاکو هەشتی ئێوارە ئەم گفتوگۆیانە بەردەوام ئەبوون و دواتر پوختەی دانیشتنەکان و دەرئەنجامەکان بۆ سکرتاریەتی گشتی بەرز ئەکرایەوە و هەموو گروپە جیاوازە دەولّەتی نێودەولّەتی و کیشوەریەکان بەشداری ڕاستەوخۆیان تێدا ئەکرد ، بۆ بەرچاو ڕونی خوێنەر تەوەرە سەرەکیەکانی ڕۆژانی کۆنفراس بریتی بوون لەم بابەتانە :

- ڕۆژی یەکەم : ئازادی ڕاگەیاندن لە ڕۆژهەلاّتی ناوەڕاست و باکوری ئەفریقیا.
- ڕۆژی دوەم : بەرزکردنەوەی دەنگی ژنان بەرەو یەکسانی .
- ڕۆژی سێهەم : ڕاگەیاندن ئازادی و دادپەروەری کۆمەلاّیەتی .
- ڕۆژی چوارەم : نەهێشتنی ئەستەنگەکان و زیادکردنی کاریگەری .
- ڕۆژی پێنجەم : بونیادنانی بزوتنەوەکەمان .

- ڕۆژی شەشەم : هەڵبژاردنی ئەنجومەنی گشتی یەکیەتی ڕادیۆکانی کۆمەڵگا .

وە لە ڕۆژی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی گشتیەوە لەبەرواری 16-11-2006 هەموو ڕادیۆکانی کۆمەڵگا ، دەستەو گروپەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی و ئەو کەسایەتیە ڕۆشنبیرانەی کە ئەیانەوێت خزمەت بەم بزوتنەوەیە بکەن دەتوانن داواکاری بە ئەندام بوون لەسەر سایتی ئەم ڕێکخراوە جیهانیە پڕ بکەنەوە و تاکو بەرواری 1-1-2007 بڕیار لەسەر ئەندامیەتییان ئەدرێت .

جێگای ئاماژەیە کە نوێنەرانی دەوڵەتە تازە پێگەیشتوەکانی ئەفریقیا و ئەمریکای باشورو باشوری خۆرهەلاتی ئاسیا و هیندستان جێگایەکی بەرچاویان هەبو لەم کۆنفرانشەدا، چونکە لەم ولاتانەدا تا ئێستا ئەم جۆرە ڕادیۆیانە ڕۆلێکی گرنگ ئەبینن لە گوزارشت کردن لە خواست و ئامانجی ئەم گروپە لۆکالانە بە تایبەتیش بزوتنەوە ئازادی خوازەکانی ژنان کە ڕۆڵێکی بەرچاویان هەیە لەم بوارەدا .

بۆ یەکەم جار بوو کە ئەم ڕێکخراوە کۆنفرانسی خۆی لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست ببەستێت هەربۆیە بەشداربوان لە 10 ولاتی عەرەبی ناوچەکەوە ئامادەبوون و لە کۆبونەوەیەکی گشتیدا لیژنەیەکی بەدواداچوون بۆ پێك هێنانی بەشی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستی یەکیەتی جیهان ڕادیۆکان پێك هات وە بڕیار درا کە بارەگای ڕادیۆی ئینتەرنێتی ( عەممان نێت ) بکرێتە خاڵی پەیوەندی تا پێك هێنانی بەشەکە و بڕیاردان لەسەر بارەگایەك.

ڕادیۆی دەنگی نویٚ کە ڕادیۆی کۆمەڵی ژنان و گەنجانە لە هەلەبجەو شارەزوور و ڕادیۆی بابەگور گوڕ کە لەلایەن تۆڕی ڕاگەیاندنی عێراقەوە بەڕێوە دەبرێت بەشداری ئەم کۆنفرانسە بوون وە ئێمەش لە ڕێکخراوی وادی وەك دەزگایەکی ناحکومی کە بیرۆکەی دامەزراندنی ( ڕادیۆی دەنگی نویٚ کە بە یەکەمین ڕادیۆی سەربەخۆی کۆمەڵگا دائەنرێت لە عێراق و کوردوستاندا ) ئامادەی ئەم کۆنفرانسە بووین و توانیمان لە ڕۆژانی کۆنفرانسدا بیرۆکەی خۆمان لەگەڵ هەموو دەزگا و کەسایەتی و ڕێکخراوە ناوچەیی و جیهانیەکاندا تاوو توێ بکەین و بارودۆخی ڕاگەیاندن و بواری ئابوری و ڕامیاری و کۆمەڵایەتی ناوچەکەی خۆمان لەگەڵ بەشداربواندا بخەینە ڕو بەمەبەستی دروستکردنی پردی ئاڵوگۆڕکردنی شارەزاییەکان لە بواری کاری ڕاگەیاندن و خزمەتگوزاری و پەخشی ڕادیۆی کۆمەڵایەتیدا .

فەلاح مرادخان شاکرم

لە عەممانی پایتەختی ئوردنەوە

2006-11-16